

# هونەرمەند

# ئیبراهیم سابیر

## لە هەگبەی هونەریی (32) ساڵەی دەدوێ

ئا/ دیدەوانی یەعقوب

**هونەرمەند ئیبراهیم سابیر حەمەد ساڵی 1949 لە کۆیە لەدایکبووەو بۆ سیو چەند سالیك دەچیت لەسەر شانۆو رادیۆو تەلەفزیۆن گۆرانی دەلیو لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ئاهەنگی سازکردووە، زیاتریش بەوە ناسراوە کە لەلاسایکردنەوەی حەسەن زیرەکدا سەرکەوتووەو لەو ماوەدریژەشدا بەردەوامبووە لە گۆرانی گوتنو تۆمارکردن.**

**لە میوانداریتی گۆڤارەکەماندا هەگبەی کاروانی 32 ساڵی تەمەنی هونەریی بۆ هەلرشتینو گوتی:**

–دەکرێ ژیانی هونەریی خۆم بەسەر چەند ویستگەیەکدا دابەشبکەم، من هەر لە منداڵییەوە لە ناو باخچەکانی ئۆمەرخوجانو رەزانو کەندەکۆخ دەستم بە گۆرانی وتن کرد، بەڵام سەبارەت بە تۆمارکردنی گۆرانی، بۆ یەکەمجار لە 1973/3/3دا لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە چووینە بەغداو گۆرانی (پەروانە)و (زاوا لە بوکێ مەدە)م بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن تۆمارکرد. پاشان ساڵی 1974 لە یەکەم میهرەجانی هونەری کوردیدا کە لەبەغدا سازکرا، گۆرانییەکانی (یارەمان)و (چاورەش)م گوت.

کاتیکیش شەر لە نیوان کوردو حکومەتی بەغدا لە 1975دا دەستی پیکردەوە، لەگەڵ دەیان هونەرمەندیتر چووینە بالەکایەتیو لای خوالیخۆشبوو دارا تۆفیق بەرپرسی راگەیاندنو رۆشنبیری مووچەمان بۆ برایەوە، دیارە ئەو کات هونەرمەندان سەردار ئەحمەد، وریا ئەحمەد، سیامەند عیزەت، ئەنوەر قەرەداغی، حەسەن گەرمیانی، عوسمان عەلی، سەلاح مەجید، رەسوڵ گەردی، محەمەد تەیب تاهیرو چەند هونەرمەندیتر تیپی مۆسیقای شۆرشمان دروستکرد، دەیان گۆرانیو سروودمان تۆمارکرد منو محەمەد ئیسماعیل لە بالەکایەتیەوە بە پیادەرۆییو بە دزیی هاتینە کۆیە بۆ لای خوالیخۆشبوو مەلا ئەنوەر بۆ ئەوەی ئامیرەکانی مۆسیقای تیپی باواجی ببەین بۆ تیپی مۆسیقای شۆرش.

هەر لە ناو تیپی مۆسیقای شۆرشدا چەندین ئاهەنگی گۆرانیمان بۆ ئاوارەکانی کورد لە ئۆردوگاکانی ئیران سازدەکردو چەند گۆرانییەکمان بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنی سنە تۆمارکرد.

پاش هەرەس، مۆڵەتی تیپی مۆسیقای باواجی، ئیلغاکرایەوە، بۆیە ساڵێ 1978 لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولیر چووینە بەغداو گۆرانی (ئۆف سەلام)م تۆمارکردو پاشان گۆرانییەکانی یارم بیشانە، کاروان، رۆژیك لە رۆژان، کە فۆلکلۆری کوردی بوون تۆمارمکردن.

پاشان مۆڵەتمان وەرگرتو لە دەیان بۆنەو فیستیڤالدا بەشداریمکردووەو چەندین گۆرانی ترم تۆمارکرد وەکو: بابیتەوە، گیژەنی خەیاڵ، جوانێ، من دەرویشم، کە هەریەك لە هونەرمەندان: وریا ئەحمەد، هەژار حەمەعەلی، جەلال عەزیز، سەردار ئەحمەد، هاوکارییانکردووم.

لەم دواییەشدا گۆرانی: بینەماچ، سروودی نەورۆز، گولەباخ، پەروانەم تۆمارکرد لەگەڵ چەند بەرهەمیك بۆ کوردسات، چوار گۆرانیشم لە فیستیڤالی زیرەك لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلیمانی تۆمارکرد، لە داهاتووشدا هونەرمەند لیزان قادر ئاوازیکی بۆداناومو دەیکەم بە گۆرانی.

***باری خیزانی ئیبراهیم سابیر چییە، ئایا هیچ لە منداڵەکانت بەهرەی گۆرانی گوتنیان نییە؟**

–ساڵی 1976 ژنمهیناوەو حەوت منداڵم هەیە، کچیکم کە ناوی تامان بوو دەنگی خۆشبوو، بەڵام نەگونجا ببیتە گۆرنیبیژ، پاشان شوویکرد.

***گۆرانییەکانت فۆلکلۆرن یا تازەن؟**

–بە گۆرانی فۆلکلۆریی دەستم پیکردو دەیان گۆرانی فۆلکلۆریم زیندووکردۆتەوە، بەڵام ئاوازو شیعری تازەشم کردۆتە گۆرانی.

***نەمریی گۆرانیو سەرکەوتنی گۆرانیبیژ لە چییدا دەبینی؟**

–نەمریی گۆرانی لە ئاواز، هۆنراوە، مۆسیقاو گوتن و شارەزاییدایە، سەرکەوتنی گۆرانیبیژیش لە شارەزاییو دلسۆزی بۆ کارەکەییو خۆماندووکردنو دەنگخۆشیدایە.

***هونەری گۆرانی لە ئەمرۆدا چۆن دەبینی؟**

–من پیموایە هونەری گۆرانی گوتن گوازراوەتەوە هەندەران، ئەمەش سەرکەوتوو نابیت.

***دەربارەی حەسەن زیرەك چی دەلیت؟**

–من شەیدای زیرەکمو لە فیستیڤالی زیرەکیش کە لە سلیمانی کرا، یەکەم بووم.. هەموو ئەوانەشم خۆشدەویت کەلاسایی زیرەك دەکەنەوە؟

***بە تەمایت رۆژیك واز لە گۆرانی گوتن بهینی؟**

–گۆرانی خۆشەویستیی جەماوەری پیبەخشیم، هەرگیز واز لە گۆرانی ناهینم تاتوانام مابیت، لەگەڵ ئەوەی لە رووی داراییەوە هیچ سوودیکم نەبینیوەو هەر بە هەژاری ژیاوم.

***لە گۆرانیبیژە گەنجەکان کامیانت بە دلە؟**

–نوری گەرمیانی، عادل هەورامی، عەدنان کەریم، سامانو کامەران عومەر، شیلان عوسمان، ئاڤان جەمال.

***بەر لە خواحافیزی چیدەلیی؟**

–دەمەویت بلیم گۆرانی (ئاییە ئۆییە) من لە ساڵی 1974دا گوتوومە، تیایدا دەلیم: (ئەو کچە کۆییە) کەچی مەرزیەخان دەلی: (تیلە کۆییە)، بەڵام رەنگە کەس نەزانیت بۆ یەکەمجار من گوتوومە.

من وایدەبینم هونەری گۆرانیمان بە هونەری بیگانە موتوربەکراوە، بە راستی ئەمەش رەسەنایەتی گۆرانی کوردی شیواندووە.

گلەیەکشم لە دەزگاکانی راگەیاندن هەیە، چونکە گۆرانیبیژە تەمەندارەکانیان وەلاناوەو باوەشیان بۆ تازەکان کردۆتەوە، وەکو دەلین (نوێ هاتن، کۆن خەڵاتن).